هەڵبژاردنی پەرلەمانی سربستان / ئۆکتۆبەری 2026


سەرکەوتنی لیستی بزووتنەوەی خوێندکاران بەسەر حزبی فەرمانڕەوادا

سەربەست مستەفا

سەرۆکی ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن

ئارام جەمال

سەرۆکی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE



- ناونیشان: هەڵبژاردنی پەرلەمانی سربستان- ئۆکتۆبەری 2026
- ئامادەکراوە لەلایەن: - سەربەست مستەفا، سەرۆکی ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن
  - ئارام جەمال، سەرۆکی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE
- جۆری بابەت: هەڵبژاردن و پرسی دیموکراسی
- بەرواری دەرچوون: نۆڤەمبەری - 2026

لە بڵاوکراوەکانی هەردوو ڕێکخراوی " STEP" و " KIE"



پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE

ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانجنەویستە، ناوەڕاستی ساڵی (2002) لەلایەن چەند یاساناس و پارێزەرێکەوە دامەزرێنراوە، هەوڵدەدات لە پێناو بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی مەدەنیی دەنگدەران و پشکداریی لە هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردنە گشتییەکان و چاودێریکردنی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان.

ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن

ڕێکخراوێکی نیشتمانیی سەربەخۆی ناحکومی قازانجنەویستە و چاودێریی هەڵبژاردنە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات و خۆبەخشانە هەوڵدەدات لەپێناو بەرزکردنەوە و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لە بوارەکانی هەڵبژاردن، دیموکراسی و حوکمڕانی باشدا.

بۆ پەیوەندیکردن:

/ 07504840094770157321O

ناوەڕۆك

چەند زانیارییەکی گشتی 4
پێشەکی 5
چێوەی یاسایی هەڵبژاردنەکان 6
کارگێڕیی هەڵبژاردن: 7
مەرجەکانی دەنگدەر 7
مەرجەکانی پاڵێوراو بۆ ئەندامێتیی پەرلەمان 7
سیستمی هەڵبژاردن 8
بەربەستی هەڵبژاردن 8
لیستەکانی هەڵبژاردنی کەمەنەتەوەکان 8
لیستەکانی هەڵبژاردن و مەرجەکانیان 9
نوێنەرایەتی ژنان لە پەرلەمانی سربساتاندا 9
هەڵبژاردنی خۆجێی 10
پارتە سیاسییەکان و پارەدارکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن 10
تۆمارکردنی دەنگدەران 11
شێوازی دەنگدان 12
ماوەی دەنگدان 12
وەرگرتنی دەستەك و یارمەتی بۆ دەنگدان 12
دەنگدانی دەرەوە، بە وەکالەت یان بە پۆستی بەرید 13
جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان و کۆکردنەوەیان 14
سکالاّ و تانەدانی هەڵبژاردن 14
چاودێرانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی هەڵبژاردنەکان 15
بزاوتی خوێندکاران و ئاڵوگۆری سیاسی لە سربستان 15
هەڵبژاردنی پەرلەمانی سربستان ٫ 25ی ئۆکتۆبەری 2026 17
هێز و لایەنە سیاسییە سەرەکییەکانی سربستان 17
ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی سربستان٫ ئۆکتۆبەری 2026 19
سەرچاوەکان 20



چەند زانیارییەکی گشتی

- **کۆماری ســـربســـتان:** دەکەوێتە باشـــووری ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا (بەتایبەت لە ناوچەی باڵکان)، وڵاتێکی وشکانییە و هیچ سنووڕێکی دەریایی نییە.
- **پایتەختەکەی:** شـاری بەلگرادە و یەکێکە لە گەورەترین شارەکانی سربستان.
- **سیستمی حوکمڕانی:** کۆماریی پەرلەمانییە و نزیکە لە سیستمی تێکەڵاوەوە، بەو پێیەی سەرۆك کۆمار ڕاسـتەوخۆ هەڵدەبژێردرێت، بەڵام حکومەت بەرپرسـیارە لە بەردەم پەرلەمانەکەیدا، کە ڕۆڵێکی سـەرەکی دەگێڕێت لە یاسـادانان، پەسـەندکردنی بودجە، چاودێریکردنی دەسـەڵاتی جێبەجێکردن، پێکهێنانی حکومەت و لێپرسینەوە لێی.
- **دەستوور:** بریتییە لە دەستووری ساڵی 2006، کە ساڵی 2022 هەمواركراوەتەوە.
- **شـــێوەی دەوڵەت:** ســـربســـتان بە دەوڵەتێکی ناوەندی (مەرکەزی) دادەنرێت، هەرچەندە خۆبەڕێوەبەریی هەرێمی و خۆجێیشـــی هەیە و دیارترینیان هەرێمی خۆبەڕێوەبەری "ڤۆیڤۆدینا"یە.

دەسەڵاتەکان بەم شێوەیە دابەش دەبن:

1- **ســـەرۆك کۆمار:** ڕاســـتەوخۆ لەلایەن هاووڵاتییانەوە بە دەنگدانی نهێنی بۆ ماوەی پێنج ســـاڵ هەڵدەبژێردرێت و نـابێـت هەمـان کەس بۆ زیـاتر لە دوو خول هەڵببژێردرێتەوە، ســـەرۆك کۆمـار ئەرکەکانی سەرۆکایەتیی دەوڵەت بەپێی دەسەڵاتە دەستوورییەکان بەڕێوەدەبات.

2- **دەســـەڵاتی یاســـادانان:** خۆی لە کۆمەڵەی نیشـــتمانیدا دەبینێتەوە، کە پەرلەمانێکی تاك-ئەنجوومەنە و لە 250 پەرلەمانتار پێکدێت، ماوەی خولەکەی چوار ســاڵە، لەگەڵ ئەگەری ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە بەپێی حوکمەکانی دەستوور.

3- **دەســـەڵاتی جێبەجێکردن:** ســـەرۆك وەزیران ســـەرۆکایەتیی دەکات و لە ڕووی ســـیاســـییەوە لە بەردەم کۆمەڵەی نیشتمانیدا بەرپرسیارە و پێویستی بە متمانەی پەرلەمان هەیە.

4- **دەسەڵاتی دادوەری:** تایبەتمەندە بە یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان و جێبەجێکردنی یاسا، لەگەڵ بوونی دادگای کارگێڕی و دادگای دەستووریی لە چوارچێوەی پسپۆڕیی هەریەکێکیاندا.

پێشەکی

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 25ی تشرینی یەکەمی 2026 هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی (پەرلەمان) بەڕێوەچوو، کە تێیدا پێشهاتە سیاسییەکانی کۆماری سربستان قۆناغێکی وەرچەرخانیان لە ڕەوتی ژیانی سیاسیدا دەرخست، لە سایەی هەڵکشانی ئەو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕوی نوخبەی دەسەڵاتدار بوونەتەوە و زیادبوونی داواکارییە جەماوەرییەکان بۆ بنیادنانەوەی متمانە بە دامەزراوەکان و بەهێزکردنی لێپرسینەوە و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

ئەو خۆپیشاندانە خوێندکارییانەی لە دوای کارەساتی وێستگەی شەمەندەفەری "نۆڤی ساد" لە تشرینی دووەمی 2024 سەریان هەڵدا، خاڵێکی وەرچەرخانیان لە دیمەنی ناوخۆییدا دروست کرد؛ چونکە سنووری داواکاریی لێپرسینەوەی لە بەرپرسانی تێپەڕاند و بەرەو گوزارشتکردن لە قەیرانێکی قوواڵتر ملینا، کە خۆی لە دەستکاریکردنی پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەدا بینییەوە بەهۆی فراوانبوونی کەلێنی نێوان خواستەکانی چین و توێژە فراوانەکانی هاووڵاتیان و ئەدای هێزە سیاسییە تەقلیدییەکان.

لەم ڕوانگەیەوە، سەرکەوتنی لیستی خوێندکاران لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی 25ی تشرینی یەکەمدا، بایەخێکی سیاسیی گەورەی بەدەستهێنا، کە مانای ڕاستەوخۆی هەڵبژاردنی تێپەڕاند، وەک ئاماژەیەک بۆ گۆڕانکاری لە میزاجی جەماوەر و هاوسەنگیی نێوان هێزەکان و ئەگەری گواستنەوەی بزاوتی ناڕەزایەتی لە شەقامەوە بۆ ناو دامەزراوەکانی بڕیاردان.

لە ئێستادا ئەم پێشهاتە نوێیە، کە خۆی لە هە هەڵبژاردنێکی ئاڵۆگۆڕخوازدا دەبینێتەوە، چەندین پرسیار دەوروژێنێت سەبارەت بە داهاتووی نوخبەی سیاسیی تەقلیدی، توانای هێزە هەڵکشاوەکان لە گۆڕینی پشتیوانیی جەماوەرییەوە بەرەو پرۆژەیەکی سیاسیی تۆکمە و ئاستی ڕەنگدانەوەی ئەم گۆڕانکارییانە لەسەر ڕەوتی چاکسازیی دامەزراوەیی و پیادەکردنی بنەمای لێپرسینەوە و سەقامگیریی سیاسی لە وڵاتدا.

لێرەوە ئەم ڕێبەرە هەوڵ دەدات تیشک بخاتە سەر چێوەی یاسایی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی سربستان و سروشتی سیستمی حوکمڕانی و سیستمی هەڵبژاردنەکەی و پرسی کەمەنەتەوەکان و پارەدارکردنی پارتە سیاسییەکان و چۆنێتی دیاریکردنی سەقفی دارایی خەرجییەکانیان و پێگەی چاودێرانی ناوخۆ و دەرەوە لەو هەڵبژاردنە ئاڵۆگۆڕخوازەدا، تاوەکو خوێنەران بتوانن لە سروشتی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی سربستان تێبگەن.

چێوەی یاسایی هەڵبژاردنەکان

کۆماری سربستان یەك یاسای گشتگیری نییە، کە هەموو جۆرەکانی هەڵبژاردن ڕێکبخات، بەڵکو ڕێسا و بنەماکان بەسەر چەند یاسایەکی تایبەتمەنددا دابەش بوون، کە بریتین لە:

1- **یاسای هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان**[1]: ساڵی 2022 دەرچووە و لە ساڵی 2026دا هەموارکراوەتەوە.

2- **یاسای هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار:** ساڵی 2022 دەرچووە و ساڵی 2026 هەموارکراوەتەوە، کە خۆپاڵاوتن، دەنگدان و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی سەرۆکایەتی ڕێکدەخات.

3- **یاسای هەڵبژاردنە خۆجێییەکان:** ساڵی 2022 دەرچووە و ساڵانی 2024 و 2026، هەمووارکراوەتەوە، کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شار و شارەوانییەکان ڕێکدەخات.

4- **یاسای تۆماری یەکگرتووی دەنگدەران:** ساڵی 2009 دەرچووە و لە ساڵانی 2011، 2024 و 2025دا هەمووارکراوەتەوە.

5- **یاسای پارتە سیاسییەکان:** ساڵی 2009 دەرچووە و ساڵی 2015 بە بڕیاری دادگای دەستووری هەمووارکراوەتەوە.

6- **یاسای پارەدارکردنی چالاکییە سیاسییەکان:** ساڵی 2022 دەرچووە و لە ساڵی 2026دا هەمووارکراوەتەوە. ئەم یاسایە هەریەك لە پارەدارکردنی گشتی و تایبەت، بەخشینەکان، خەرجییەکانی هەڵبژاردن و ڕاپۆرتە دارایییەکان ڕێکدەخات.

7- **یاسای ڕاپرسی و دەستپێشخەریی جەماوەری:** ساڵی 2021 دەرچووە و لە هەمان ساڵدا هەمووارکراوەتەوە.

8- **یاسای ناکۆکییە کارگێڕییەکان:** ساڵی 2009 دەرچووە و ڕێکارەکانی پەیوەست بە ناکۆکییە کارگێڕی و هەڵبژاردنییەکان ڕێکدەخات.

بۆ زانیاری، ئەو هەمواره یاساییانەی ساڵی 2026 لە چێوەی یاسایی هەڵبژاردنەکانی سربستاندا ئەنجامدران، لە ئەنجامی بەدەمەوەچوونی ڕاسپاردەکانی نووسینگەی دامەزراوە دیموکراتییەکان و مافەکانی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری لە ئەوروپا (OSCE/ODIHR) هاتنە ئاراوە.

[1] Law on the Election of Members of Parliament

کارگێڕیی هەڵبژاردن:

کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی کۆماری سربستان (REC/RIK) بە هاوکاری لەگەڵ کۆمسیۆنە خۆجێییەکان و لیژنەکانی دەنگدان، ئەرکی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنە نیشتمانییەکان دەگرێتە ئەستۆ. کۆمسیۆنەکە بە دەستەیەکی هەڵبژاردنی سەربەخۆ لە ڕووی یاساییەوە دادەنرێت، کە لە ڕووی دامەزراندن و پشتیوانییەوە بە پەرلەمانەوە پەیوەستکراوە، لەگەڵ بەشداریی سیاسی لە پێکهاتە فراوانەکەیدا. ئەم کۆمسیۆنە پێکدێت لە:

1- **کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی کۆماری سربستان:** ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکان، پەسەندکردنی ئەنجامەکان و دابەشکردنی کورسییەکان.

2- **کۆمسیۆنە خۆجێییەکان:** کۆکردنەوەی ئەنجامەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان.

3- **بنکەکانی دەنگدان:** دڵنیابوونەوە لە ناسنامەی دەنگدەران، بەڕێوەبردنی پرۆسەی دەنگدان، جیاکردنەوە و ژمارەدنی دەنگەکان و نووسینەوەی کۆنووسەکان.

مەرجەکانی دەنگدەر

مەرجە سەرەکییەکان بۆ پیادەکردنی مافی دەنگدان بریتین لەمانەی خوارەوە:

1- **ڕەگەزنامە:** پێویستە کەسەکە هاووڵاتیی سربستان بێت.

2- **تەمەن:** تەمەنی گەیشتبێتە 18 ساڵ.

3- **شایستەی یاسایی:** کەسەکە لە شایستەی یاسایی بە شێوەیەك بێبەش نەکرابێت، کە ڕێگریی لێبکرێت بەپێی یاسا پیادەی مافی دەنگدانی بکات.

4- **تۆمارکردن:** لە تۆماری دەنگدەراندا مەرجەکانی تۆمارکردنی بەپێی یاسا بەرکارەکان تێدابێت.

مەرجەکانی پاڵێوراو بۆ ئەندامێتیی پەرلەمان

1- هاووڵاتیی سربستان بێت.

2- تەمەنی گەیشتبێتە 18 ساڵ.

3- خاوەنی شایستەیی یاسایی بێت بۆ دەنگدان و خۆپاڵاوتن.

4- ناوی لە لیستێکی هەڵبژاردندا هاتبێت، کە مەرجە یاساییەکانی تێدا بێت و لەلایەن لایەنێکی ڕێگەپێدراوەوە پێشکەش کرابێت. یاسای هەڵبژاردن ڕێگە نادات پاڵێوراو وەك سەربەخۆ بەشداریی

هەڵبژاردن بکات، بەڵکو یاسا مەرجی ئەوەی داناوە کە خۆپاڵاوتن دەبێت لە ڕێگەی پارتە سیاسییە تۆمارکراوەکان یان هاوپەیمانییەکانیان یان لیستەکانی هەڵبژاردنەوە بێت، بەپێی یاسا.

سیستمی هەڵبژاردن

هەڵبژاردنی پەرلەمانی سربستان بەپێی سیستمی لیستی داخراوی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بەڕێوەدەچێت و تەواوی وڵات یەك بازنەی هەڵبژاردنی نیشتمانییە؛ واتە دەنگدەر دەنگ بە لیست دەدات و کورسییەکان بەپێی ڕیزبەندیی ناوەکانیان بەسەر پاڵێوراوانی لیستەکەدا دابەش دەکرێن. دابەشکردنی کورسییەکان بەپێی شێوازی دی هۆندت (D'Hondt) ئەنجام دەدرێت، کە تێیدا دەنگەکانی هەر لیستێك دابەشی سەر ژمارە تەواوە یەك لەدوای یەکەکانی (1, 2, 3, 4, 5, 6…) دەکرێن، پاشان ئەنجامی دابەشکردنەکان لە گەورەوە بۆ بچووك ڕیز دەکرێن و کورسییەکان بە ئەندازەی ژمارەی کورسییەکان دەدرێنە بەرزترین ئەنجامەکانی لیستە براوەکان.

بەربەستی هەڵبژاردن

بەربەستی گشتیی هەڵبژاردن بۆ کورسییە گشتییەکان، بەپێی یاسا ڕێژەی لە (3٪)ی دەنگە دروستە هەژمارکراوەکانە، بەڵام لیستەکانی کەمەنەتەوە دانپێدانراوەکان ئەم مەرجەیان بەسەردا پیادە ناکرێت.

لیستەکانی هەڵبژاردنی کەمەنەتەوەکان

"هەنگاری"، "بۆشناق"، "ئەلبانی"، "سلۆڤاکی"، "ڤلاش"، "ڕۆمانی" و کرواتییەکان لە دیارترین ئەو کەمەنەتەوانەن، کە لە وڵاتی سربستاندا بەشداریی سیاسییان هەیە، ئەم بەشداریەش تەنها لەماندا قەتیس نەکراوە، بەڵکو هەر پێکهاتەیەکی دیکەش بیەوێت دەتوانێت پیادەی مافی پێکهێنانی لیستی تایبەت بە خۆی بکات.

بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان، ئەو پارتە یان ئەو هاوپەیمانێتییەی کە نوێنەرایەتیی کەمەنەتەوەیەك دەکات، دەتوانێت لیستێکی هەڵبژاردن پێشکەش بکات، بە مەرجێك کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی کۆماری سربستان دانی پێدا بنێت.

لیستی کەمەنەتەوەکان چەند ئیمتیازێکیان هەیە، دیارترینیان کەمکردنەوەی واژۆی پشتگیرییە لە 10 هەزار واژۆوە بۆ 5 هەزار واژۆ و پیادەنەکردنی ڕێژەی (3٪)ی بەربەستی گشتیی هەڵبژاردنە بەسەریاندا، هاوکات لیستی کەمەنەتەوەکان لە کاتی دابەشکردنی کورسییەکاندا، ئاسانکارییەکی دیکەشیان بۆ کراوە، ئەویش زیادکردنی ڕێژەی (35٪)ی ئەو دەنگانەیە، کە لیستی کەمەنەتەرەکە بەدەستیهێناوە،

تەنانەت ئەگەر ڕێژەی دەنگەکانی لیستەکە نەگەیشتبێتە (3٪)ی بەربەستی هەڵبژاردنەکەش. ئەم ئاسانکارییەش بۆ ئەوەیە لیستی کەمەنەتەوەکان لەچاو لیستەکانی دیکەی کورسی گشتیدا دەرفەتی بەدەستهێنانی دوا کورسییەکانیان لە دابەشکردنەکەدا بەربکەوێت، تا لەوێوە بتوانن لەناو پەرلەمانی سربستاندا نوێنەرایەتی کەمەنەتەوەکانیان بکەن.

لیستەکانی هەڵبژاردن و مەرجەکانیان

لیستەکانی هەڵبژاردن دەکرێت بەپێی مەرجە یاساییەکان لەلایەن پارتە سیاسییە تۆمارکراوەکان و هاوپەیمانییەکانیان و گرووپەکانی هاوواڵاتییانەوە پێشکەش بکرێن. زۆرترین ژمارەی پاڵێوراوان لە هەر لیستێکدا 250 پاڵێوراوە. مەرجەکانی لیستی هەڵبژاردن بەپێی یاسای هەڵبژاردن بریتین لە:

1- پێشکەشکردنی 10,000 واژۆی پشتگیریی پەسەندکراوی یاسایی بۆ لیستی ئاسایی.

2- پێشکەشکردنی 5,000 واژۆ بۆ ئەو لیستەی شایستەی نوێنەرایەتیکردنی کەمەنەتەوەیەکە، بەپێی مەرجە تایبەتەکانی خۆی.

3- گەرەنتیکردنی نوێنەرایەتیی ئەو ڕەگەزەی کەمترین ئامادەیی هەیە، بە ڕێژەیەک کە لە 40٪ کەمتر نەبێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕێساکانی ڕیزبەندیی پاڵێوراوان.

4- تەواوکردنی داواکارییەکانی تۆمارکردن، بەڵگەنامەکان و ئەو ڕێکارانەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی کۆماری سربستان دیاریان دەکات.

نوێنەرایەتی ژنان لە پەرلەمانی سربساتاندا

سیستمی هەڵبژاردن لە سربستان کۆمەڵێک گەرەنتیی یاسایی بۆ بەهێزکردنی بەشداریی ژنان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکاندا دەستەبەرکردووە، بەتایبەت لە کاتی پێکهێنانی لیستەکانی هەڵبژاردندا، کە دیارترینیان ئەمانەن:

1- **کۆتای ئیجباریی ژنان:** یاسا مەرجی ئەوەی داناوە کە هەر لیستێکی هەڵبژاردن دەبێت لانیکەم 40٪ی پاڵێوراوەکانی لەو ڕەگەزە بن کە کەمترین نوێنەرایەتییان هەیە، کە لە ڕووی کردارییەوە بەسەر ژناندا جێبەجێ دەبێت.

2- **ڕیزبەندیی پاڵێوراوان:** پێویستە لە هەر گرووپێکی پێنج پاڵێوراویدا، بەپێی ڕیزبەندییان لە لیستەکەدا، لانیکەم دوو پاڵێوراویان لەو ڕەگەزە بن، کە کەمترین نوێنەرایەتییان هەیە، ئەمەش چانسی بوونی ژنان لە پلەکانی پێشەوەی لیستەکەدا بەهێز دەکات.

3- **ڕەتکردنەوەی لیستە سەرپێچیکارەکان:** ئەو لیستەی ڕێژەی نوێنەرایەتیی داواکراو جێبەجێ نەکات بە ناتەواو دادەنرێت و دەرفەت بە کەسی راسپێردراوی لیستەکە دەدرێت سەرپێچییەکە ڕاست بکاتەوە؛ ئەگەر ڕاستی نەکاتەوە، کۆمسیۆنی هەڵبژاردن پەسەندکردنی لیستەکە ڕەتدەکاتەوە.

4- **دابەشکردنی کورسییەکان بەپێی ڕیزبەندیی لیست:** ئەو کورسییانەی لیستەکە دەیانباتەوە بەپێی ڕیزبەندیی ناوەکانیان لە لیستەکەدا دەدرێن بە پاڵێوراوان، ئەمەش وا دەکات پێگەی پاڵێوراوە ژنەکان لەناو لیستەکەدا فاکتەرێکی گرنگ بێت بۆ گەیشتنیان بە پەرلەمان.

هەڵبژاردنی خۆجێی

بەپێی یاسای هەڵبژاردنە خۆجێییەکان بەڕێوەدەچێت، کە تێیدا ئەندامانی ئەنجومەنەکان بۆ ماوەی چوار ساڵ بە سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی لە ڕێگەی لیستەکانەوە هەڵدەبژێردرێن و هەر یەکەیەکی حوکمڕانیی خۆجێی بە بازنەیەکی هەڵبژاردن دادەنرێت.

پارتە سیاسییەکان و پارەدارکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن

یاسای پارتە سیاسییەکانی ساڵی 2009ی هەموارکراو، دامەزراندن، تۆمارکردن، پەیڕەوی ناوخۆ، بەرنامەی پارتەکان و بەدەستهێنانی کەسایەتیی یاساییان ڕێکدەخات و وەزارەتی کارگێڕیی گشتی و حوکمی خۆجێی سەرپەرشتیی تۆماری پارتەکان دەکات. بەڵام یاسای پارەدارکردنی چالاکییە سیاسییەکانی ساڵی 2022ی هەموارکراو، تایبەتمەندە لە ڕێکخستنی پارەدارکردنی گشتی و تایبەت، بەخشینەکان، خەرجییەکانی هەڵبژاردن، ژمێریاری، ڕاپۆرتە دارایییەکان و چاودێریکردن. یاساکە دەقنوسی هەریەك لە دیاریکردنی سەرچاوەکانی پارەدارکردن، بەرزترین ئاستی خەرجیی هەڵبژاردن و ڕێنماییەکانی خەرجکردنی کردووە، بەم شێوەیە:

1- **سەرچاوە ڕێگەپێدراوەکانی پارەدارکردن:** بریتین لە پارەدارکردنی گشتی لە ڕێگەی بودجەوە، ئەو بەخشینانەی تاکەکان و قەوارە یاساییەکان لە چوارچێوەی سنوورە یاساییەکاندا دەیدەن، ئەو پارەیەی پارتی سیاسی لە ڕێگەی چالاکیی ئاساییەوە دەستی دەکەوێت، کە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن تەرخان دەکرێت، لەگەڵ قەرز و پێشینەکان بەپێی ڕێنماییە پەسەندکراوەکان.

2- **سنووری بەخشینەکان:** ماددە یاساییەکە ئاماژە بەوە دەکات، کە بەرزترین ئاستی بەخشین بۆ تاکەکان یەکسانە بە دە هێندەی تێکڕای مووچەی مانگانە، لەکاتێکدا بۆ قەوارە یاساییەکان یەکسانە

بە سی هێندەی تێکڕای مووچەی مانگانە، لەگەڵ حوکمە زیادەکان لە ساڵی هەڵبژاردندا، کە پێویستە وردبینی لە دەقە بەرکارەکە و جۆری بەشداریپەکەدا بکرێت.

3- **بنەمچی خەرجییەکان:** ماددەکە سنووری گشتییەکان بۆ ساڵی 2026 دیاری دەکات، کە دەگاتە "شەش ملیۆن یۆرۆ" بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی، "ملیۆنێك و نیو یۆرۆ"ش بۆ پەرلەمانی هەرێمی خۆبەڕێوەبەر و "یەك ملیۆن یۆرۆ" بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شار، لەگەڵ پێویستیی وردبینیکردن لە میکانیزمەکانی هەژمارکردندا.

4- **ڕێنماییە داراییەکان:** بڕیتین لە کردنەوەی هەژمارێکی بانکیی تایبەت بە هەڵمەتی هەڵبژاردن، قەدەغەکردنی بەکارهێنانی نایاسایی سامانی گشتی، دیاریکردنی ناوی لایەنە سیاسییەکان لەسەر کەرەستەکانی بانگەشە و بەڵگەنامەکردنی گرێبەستەکانی بانگەشەکردن.

5- **پارەدارکردنی لایەنی سێیەم:** ڕێکخستنی هەڵمەتەکانی پشتگیریکردن یان دژایەتیکردنی پاڵێوراوان، بە سەرچاوەکانی پارەدارکردن و خەرجکردنیشەوە، ملکەچی مەرجەکانی ژمێریاری، ڕاپۆرتدان و چاودێریکردن دەبن.

6- **شەفافیەت و لێپرسینەوە:** پێویستە داهات و خەرجی و بەخشینەکان تۆمار بکرێن، بەڵگەنامەکان بپارێزرێن و ڕاپۆرتەکان لە کاتی خۆیاندا پێشکەش بکرێن، هەروەها پارە گشتییە بەکارنەهاتووەکان بگەڕێندرێنەوە و بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ پارە تایبەتە ماوەکاندا دەکرێت.

7- **لایەنی چاودێر:** ئاژانسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، پێداچوونەوە بە ڕاپۆرتەکاندا دەکات و چاودێریی پابەندبوون بە ڕێساکانی پارەدارکردنەوە دەکات، لە کاتێکدا کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی کۆماری سربستان ڕێکارەکانی هەڵبژاردن بەڕێوەدەبات و سەرپێچییەکانیش بەپێی جۆر و سروشتەکەیان سزای یاساییان لێدەکەوێتەوە.

تۆمارکردنی دەنگدەران

سربستان تۆماری یەکگرتووی دەنگدەران (Single Electoral Roll) بەکاردەهێنێت، کە داتابەیسێکی ئەلەکترۆنییە و ناوی ئەو هاوڵاتیانە لەخۆدەگرێت، کە مەرجەکانی دەنگدانیان تێدایە. بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانییەکان و شارەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیاندا بەشداری لە نوێکردنەوەی تۆمارەکەدا دەکەن، لە کاتێکدا وەزارەتی کارگێڕیی گشتی و حوکمڕانیی خۆجێی ئەرکی سەرپەرشتیکردن و دەسەڵاتەکانی پەیوەست بە هەموارکردنەوەی داتاکان دەگرێتە ئەستۆ.

دەنگدەر بەپێی ڕێکارە یاساییەکان دەتوانێت بە شێوەی ئەلەکترۆنی لە داتاکانی دڵنیا ببێتەوە و داوای ڕاستکردنەوەیان بکات، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی تۆمارێکی ئەلەکترۆنی ڕێگر نییە لە ئەگەری ڕوودانی هەڵە یان چەوتی سەبارەت بە وردیی داتاکانی، ئەمەش وایکردووە وردبینیکردن لە تۆمارەکە ببێتە یەکێك لە ڕەگەزەکانی هەڵسەنگاندنی بێگەردیی هەڵبژاردنەکان.

شێوازی دەنگدان

دەنگدەر لە ڕێگەی چوون بۆ بنکەی دەنگدانی دیاریکراو و سەلماندنی ناسنامەکەی و دڵنیابوونەوە لە تۆمارکردنی ناوی، دەنگی خۆی دەدات. پاشان وەرگرتنی کارتی دەنگدان و هەڵبژاردنی لیستی دڵخوازی خۆی بە دانانی نیشانەیەك لە بەردەمیدا لە پشت پەردەیەکەوە، کە نهێنیی دەنگدانی تێدا پارێزراوە، دواتر خستنی کارتی دەنگدانەکەی بۆ ناو سندوقی دەنگدان، لەگەڵ دەستەبەرکردنی ڕێوشوێنی تایبەت بۆ دەنگدەرانی دەرەوەی وڵات و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

ماوەی دەنگدان

بنکەکانی دەنگدان لە کاتژمێر 7:00ی بەیانییەوە تا 8:00ی ئێوارە، بۆ ماوەی 13 کاتژمێر کراوە دەبن، لەگەڵ دریژکردنەوەی کاتەکە بە ئەندازەی دواکەوتن لە کردنەوەی بنکەکان یان وەستانی دەنگدان بۆ زیاتر لە کاتژمێرێك. هەروەها دەکرێت پێشوەختە بنکەکە دابخرێت ئەگەر هەموو دەنگدەرە تۆمارکراوەکان دەنگیان دابێت، بەبێ ئەوەی هیچ ئەنجامێك پێش کاتژمێر 8:00ی ئێوارە ڕابگەیەنرێت.

وەرگرتنی دەستەك و یارمەتی بۆ دەنگدان

یاسا ڕێوشوێنی تایبەت دەڕەخسێنێت بۆ ئەو دەنگدەرانەی، کە بەهۆی باری تەندروستی، کەمئەندامی یان بەسالاچوونداا ناتوانن بگەنە بنکەی دەنگدان یاخود خۆیان ناتوانن کارتی دەنگدان بە تەنها پڕبکەنەوە. ئەم ڕێوشوێنانە بریتین لە:

1- **هاوکاریکردن لە ناو بنکەدا:** ئەو دەنگدەرەی ناتوانێت نیشانە لەسەر کارتی دەنگدان دابنێت بەهۆی کەمئەندامی، نەخوێندەواری یان هەر هۆکارێکی دیکەی دانپێدانراو، مافی ئەوەی هەیە پشت بە کەسێك ببەستێت، کە خۆی هەڵیدەبژێرێت، بە مەرجێك هاوکارەکە هەمان بژاردەی دەنگدەرەکە خۆی جێبەجێ بکات.

2- **دەنگدان لە دەرەوەی بنکە:** ئەو دەنگدەرەی بەهۆی نەخۆشیی قورس، بەسالاچوون یان کەمئەندامییەوە ناتوانێت لە بنکەی دەنگداندا ئامادە بێت، دەتوانێت داوای ئەوە بکات لە دەرەوەی بنکە و لە سنووری جوگرافیی بنکەی دەنگدانەکەی خۆیدا دەنگ بدات؛ لەوێدا سێ ئەندامی لیژنەی دەنگدان ڕێکارەکە جێبەجێ دەکەن، دڵنیا دەبنەوە لە ناسنامەکەی و کارتەکەی پێدەدەن، تەنانەت ئەگەر پێویستی کرد، دەتوانێت بەهرەمەند بێت لە هاوکارێك.

3- **کات و وادەکان:** بەپێی ماددەی 96 لە یاسای هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان، دەکرێت 72 کاتژمێر لە پێش ڕۆژی دەنگدانەوە تا کاتژمێر 11:00ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی هەڵبژاردن، کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی خۆجێی لەم جۆرە یارمەتی وەرگرتنە ئاگادار بکرێتەوە، یان لە ڕۆژی دەنگداندا پێش کاتژمێر 11:00ی پێشنیوەڕۆ لیژنەی دەنگدان ئاگادار بکرێتەوە، بەپێی ڕێکارە پەیڕەوکراوەکان.

دەنگدانی دەرەوە، بە وەکالەت یان بە پۆستی بەرید

- **دەنگدانی دەرەوە:** ئەو هاووڵاتییانەی سربستان، کە لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێن، مافی ئەوەیان هەیە بە شێوەی ئامادەبوونی ڕاستەوخۆ لە بنکە تەرخانکراوەکاندا (زۆربەی کات لە باڵیۆزخانە و کونسوڵخانەکاندایە) دەنگ بدەن، دوای تۆمارکردن، پێشکەشکردنی داواکاریی پێویست، دڵنیابوونەوە لە هاتنی ناویان لە تۆماری دەنگدەران و پیشاندانی بەڵگەنامەیەکی فەرمیی بەرکار. بەپێی داتاکانی هەڵبژاردنی 2026، 93 بنکەی دەنگدان لە 37 وڵاتدا تەرخان کراون.
- **دەنگدان بە وەکالەت (بریکارنامە):** یاسای هەڵبژاردن ڕێگە بە هیچ کەسێك نادات لە بری دەنگدەرێکی دیکە دەنگ بدات بە پاساوی ئەوەی گوایە بریکارنامەی لێوەرگرتووە، چونکە لە بنەڕەتدا سیستمەکە لەسەر بنەمای دەنگدانی کەسی (شەخسی) دامەزراوە.
- **دەنگدان بە پۆستی بەرید:** یاسای هەڵبژاردنی سربستان بۆ هیچکام لە هەڵبژاردنی پەرلەمان، سەرۆکایەتی و خۆجێییەکان میکانیزمێکی تێدا نەهاتووە بۆ دەنگدان بە پۆستی بەرید یان دەنگدانی ئەلەکترۆنی.

جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان و کۆکردنەوەیان

جیاکردنەوە و ژماردنی کارتەکانی دەنگدان بە شـــێوەی دەســـتی لە بنکەکانی دەنگداندا ئەنجام دەدرێت، دەنگە دروست و پووچەڵەکان جیا دەکرێنەوە، دەنگی لیستەکان هەژمار دەکرێت و کۆنووسی فەرمی بە ئەنجام و تێبینییەکانەوە دەنووسرێتەوە. پاشان کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی خۆجێی وردبینی لە کۆنووســەکاندا دەکات و لە ماوەیەکدا، کە ڕەنگە بگاتە "96 کاتژمێر" لە دوای داخســتنی بنکەکان، بەپێی ڕێکارەکان، ڕاپۆرتی کۆکراوە ئامادە دەکات. لە کۆتاییدا کۆمســیۆنی هەڵبژاردنی کۆماریی ڕاپۆرتەکان کۆدەکاتەوە، داتاکان لە ڕووی ئامارییەوە چارەسەر دەکات، ئەنجامەکان بە شێوەی پلەبەندی بڵاودەکاتەوە و پاش گەیشتنی هەموو ڕاپۆرتەکان، ڕاپۆرتی گشتی ئامادە و بڵاودەکاتەوە.

سەبارەت بە ڕاگەیاندنی ئەنجامە کۆتاییەکان و دابەشکردنی کورسییەکان، کۆمسیۆن بەپێی ڕێکار و وادە یاساییەکان ئەنجامی دەدات و کورسییەکان بەسەر پاڵێوراواندا بەپێی ڕیزبەندییان لە لیستەکاندا دابەش دەکات. هەروەها بریکاری لیســتەکان و چاودێرانی متمانەدار مافی ئەوەیان هەیە چاودێریی جیاکردنەوە و ژماردن و کۆکردنەوەی ئەنجامەکان بکەن، کە تێیدا تەکنەلۆژیا بۆ ســکانکردنی کۆنووســەکان و چارەســەرکردن و بڵاوکردنەوەی داتاکان بەکاردەهێنرێت، بەبێ ئەوەی جیاکردنەوەی دەستی بە ئەلەکترۆنی بگۆڕدرێت.

سکاڵا و تانەدانی هەڵبژاردن

1- هەندێك لە تانەکان لە ماوەی 24 کاتژمێر لە دەرچوونی بڕیارەکە یان جێبەجێکردنی ڕێکارەکە یان ڕوودانی ئەو خۆبواردنەی تانەکەی لەسەرە، پێشکەش بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی کۆماریی دەکرێن و لە ماوەی 48 کاتژمێر لە وەرگرتنیان یەکلادەکرێنەوە.

2- دادگای کارگێڕی: تایبەتمەندە بە بینینی ئەو تانانەی لە دژی بڕیارەکانی کۆمســیۆنی کۆمارین، ئەویش بەپێی ڕێڕەو و وادە یاساییە دیاریکراوەکان.

3- دادگای دەســتووری: ســەیری ئەو ناکۆکییانە دەکات، کە دەکەونە چوارچێوەی دەســەلاتییەوە. مۆڵەتی پێشکەشکردنی داواکاری ڕەنگە بگاتە 15 ڕۆژ دوای کۆتاییهاتنی پڕۆسەی هەڵبژاردن. دادگاکە لە کاتی ســەلماندنی ســەرپێچییەکی کاریگەردا مافی ئەوەی هەیە هەڵبژاردنەکان بە تەواوی یان بەشــێکیان هەڵبوەشــێنێتەوە، لەگەڵ دووبارەکردنەوەی ڕێکارە هەڵوەشــاوەکان لە ماوەی دە ڕۆژدا لە پێڕاگەیاندنی بڕیارەکە، بەپێی مەرجە یاساییەکان.

4- کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی کۆماریی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان پەسەند دەکات و کورسییەکان دابەش دەکات، لە کاتێکدا ئەنجومەنی نوێنەرانی هەڵبژێردراو لە یەکەم دانیشتنیدا و بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتی کۆمسیۆن، لە دروستیی ئەندامێتیی ئەندامەکانی دڵنیا دەبێتەوە.

چاودێرانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی هەڵبژاردنەکان

چێوەی یاسایی چاودێریکردنی هەڵبژاردن لە سربستان پشت دەبەستێت بە ماددەی (52)ی دەستوور، یاساکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی و خۆجێی و سەرۆکایەتی، سەرەڕای پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکانی سربستان لە چوارچێوەی ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاریی ئەوروپا (OSCE)، بەتایبەت بەڵگەنامەی کۆپنهاگنی ساڵی 1990.

ژمارەیەک لایەنی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەشداربیان لە چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکاندا کرد، دیارترینیان نێردەی (OSCE/ODIHR)، کۆمەڵەکانی پەرلەمانیی ئەوروپایی و سەنتەری (CRTA)ی سربی بوون. لە بەیاننامە سەرەتاییەکەیدا کە لە 26ی تشرینی یەکەمی 2026 دەرچوو، نێردەکە ئاماژەی بە بەرزیی ڕێژەی بەشداری و کێبڕکێ کرد، لە بەرامبەر بوونی تێبینی لەسەر لایەنگریی میدیایی، ئەگەری قۆستنەوەی سامانی دەوڵەت و هەندێکجار نەبوونی یەکسانیی دەرفەت لە نێوان ڕکابەرەکاندا، سەرەڕای هەڵسەنگاندنە ئەرێنییە گشتییەکەی بۆ بەڕێوەچوونی پڕۆسەی دەنگدانی ڕۆژی 25ی ئۆکتۆبەری 2026.

بزاوتی خوێندکاران و ئاڵوگۆڕی سیاسی لە سربستان

خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران لە تشرینی دووەمی 2024 دا و لە دوای داڕمانی سەقفی وێستگەی شەمەندەفەری "نۆڤی ساد" هەڵگیرسان، کە بووەهۆی گیانلەدەستدانی 16 کەس. دواتر ئەم خۆپیشاندانانەو گۆڕان بۆ بزاوتێکی بەرفراوان، کە داوای لێپرسینەوەیان لە بەرپرسان، لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و چاکسازیی دامەزراوەکانی وڵاتەکەیان دەکرد، تا گەیشتە بانگەوازکردن بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە.

بزاوتەکە لە سەرەتاوە پشتی بە خۆپیشاندانی ئاشتییانە و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و بە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هاوواڵاتییاندا دەبەست و دواتر لیستی (خوێندکاران سەردەکەون)یان پێکهێنا، کە 250 پاڵێوراوی لە ئەکادیمیستەکان و نوێنەرانی کەرتە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان لەخۆگرتبوو. لە

بەرامبەردا، بەرەی نزیك لە ســـەرۆك ئەلێکســـاندەر ڤوچیچ هەوڵیدا پێگەی خۆی لە ڕێگەی بەڵێنی ئابووری و سیاسەتی دەرەوە بەهێز بکات.

تایبەتمەندیی ئەزموونی سربی لەوەدایە کە خۆپیشاندانەکە لەسەر پاشخانی کارەساتێکی مرۆیی و داواکارییەکانی لێپرسینەوە و دژایەتیی گەندەڵی ســەری هەڵدا، دواتر گۆڕدرا بۆ بزاوتێکی ڕێکخراو کە هەوڵی دروستکردنی گۆڕانکاریی سیاسی لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە دەدات.

بزاوتی خوێندکاریی نوێ لە سربستان پشت بە دیموکراسیی ڕاستەوخۆ لە ناو کۆلێژەکاندا دەبەستێت، کە تێیدا بڕیارەکان لە ڕێگەی دانیشـــتنی دەنگدانی کراوەی خوێندکارانەوە دەدرێن، کە بە "پلینۆم" (Plenum) ناســـراوە، بەبێ بوونی ســـەرکردایەتییەکی تاکەکەســـیی حزبی، ئەمەش وا دەکات بۆ دەســـەڵاتداران قورس بێت ســـەرکردە دیاریکراوەکان بکەنە ئامانج یان لە ڕووی ســـیاســـییەوە بزاوتەکە کۆنترۆڵ بکەن.

جێی خۆیەتی ئەوەش بگوترێت، کە ئەم جوولە و بزاڤە بەرفراوانەی خوێندکاران، ســـروش و ئیلهام لە میراتی بزووتنەوە خوێندکارییە بەناوبانگەکەی "ئۆتبۆر!" (بەرگری) وەردەگرن، کە ساڵی 1998 دامەزرا و لە ســـاڵی 2000دا لە ڕێگەی شـــێوازەکانی بەرگریی ئاشـــتییانەی تەنزئامێز و ڕێکخراوەوە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی گێڕا لە ڕووخاندنی ڕژێمەکەی "سلۆبۆدان میلۆشێڤیچ".



ئاهەنگی خۆشی بە بۆنەی سەرکەوتنی لیستی خوێندکاران
بەسەر لیستەکەی سەرۆك ئەلێکساندەر ڤوچیچ

هەڵبژاردنی پەرلەمانی سربستان / 25ی ئۆکتۆبەری 2026

هێز و لایەنە سیاسییە سەرەکییەکانی سربستان

فرەیی حزبی یەکێکە لە سیماکانی دیمەنی سیاسی سربستان، کە چەندین رەوتی موحافیزکار و ناسیۆنالیست و لیبرالی و دیموکراسیی کۆمەڵایەتی و سەوزەکان لەخۆدەگرێت، بەدەر لەو حزبانەی نوێنەرایەتی کەمەنەتەوەی ناسیۆنالیست دەکەن. ئەم هێز و لایەنانە هەرخۆیان یان لە شیوەی هاوپەیمانی و لیستی هاوبەشەوە دەچنە نێو کێبڕکێی هەڵبژاردنەکانەوە. گرنگی و بایەخی ژیانی پەرلەمانی بۆ ئەم هێزانە لە ئەنجامەکانی دەنگدان و ئەو هاوپەیمانێتییەدایە کە دواتر پێکیدەهێنن، نەك لەوەی تەنها پشت بە قەبارەی حزبەکە ببەستن.

لە دیارترین ئەو حزبانەش ئەمانەن:

1- پارتی پێشکەوتنخوازی سربی (SNS): گوتارەکەی روو لە جێگیریی و گەشەسەندن و ژێرخانە، لە بواری سیاسەتی دەرەوەشدا لە هەوڵی راگرتنی هاوسەنگیدایە لەنێوان یەکێتی ئەورووپا و روسیا و چیندا.

2- پارتی سۆشیالیستی سربی (SPS): لە هەوڵی کۆکردنەوەدایە لەنێوان گوتارێکی کۆمەڵایەتی و جەختکردنەوە لەسەر سەروەریی و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکاندا و هاوپەیمانێکی کۆنی هێزە فەرمانڕەواکان بووە.

3- پارتی ئازادی و دادگەریی: یەکێکە لە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و داوای چاکسازی بۆ دامەزراوەکان و بەهێزکردنی لێپرسینەوە دەکات و پشتگیری لە رەوتی نزیکبوونەوە دەکات لە یەکێتی ئەورووپا.

4- پارتی سربستانی نێوەند (SRCE): لەو هێزە ئۆپۆزسیۆنانەیە، کە ئاڕاستەیەکی ناوەڕاستی هەیە و پشتگیری ئەورووپایە. چاوی لەسەر چاکسازیی دامەزراوەیی و دیموکراسییە.

5- پارتی دیموکراسیی نوێی سربی (Novi DSS): ئاڕاستەیەکی ناسیۆنالیستانەی موحافیزکاری هەیە و پێداگری لەسەر سەروەریی نیشتمانی و ناسنامەی سربی دەکات، خۆی دەبوێرێت لە چوونە ناو یەکێتی ئەورووپاوە و لەگەڵ ئەوەدایە پەیوەندییان لەگەڵ روسیادا هەبێت.

6- بەرەی سەوزی چەپ (ZLF): جەخت لەسەر پرسی ژینگە و دادوەریی کۆمەڵایەتی و مافەکان و دیموکراسی دەکات.

7- هاوپەیمانیی مەجەڕیی ڤۆیڤودینا (SVM): نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی کەمەنەتەوەی مەجەڕییەکان دەکات و بەهرەمەندە لەو یاسا و ڕێسایانەی تایبەتن بە نوێنەرایەتیی کەمەنەتەوە نەتەوەییەکان.

8- چەند بزاوت و پارتێکی دیکە: لەوانەش وەک بزووتنەوەی (ئێمە دەنگی گەلین)، لەگەڵ چەند حزبێکی دیکەدا، کە نوێنەرایەتی پێکهاتەی بۆشناق و ئەلبان و ئەوانی دیکە دەکەن، هەروەها چەند لیستێکی نەتەوەیی و خۆجێی دیکەش هەن.

9- لیستی (خوێندکاران سەردەکەون): ئەم بزاقە لە فۆرمی حزبێکی سیاسیدا نییە، بەڵکو لیستێکی هەڵبژاردنە و سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ رووداوەکانی ساڵی 2024.

دتا و زانیارییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی سربستان




- ژمارەی ئەو لیستانەی کورسییان بردەوە: 7 لیستی هەڵبژاردن.
- ژمارەی ئەو لیستانەی کە نەیانتوانی کورسی بەدەستبهێنن: 11 لیست.
- کۆی گشتی دەنگەکانی لیستە دۆڕاوەکان: 190 هەزار و 507 دەنگ.
- ڕێژەی دەنگەکانی لیستە دۆڕاوەکان: 4.29٪ی کۆی دەنگەکان.

ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی سربستان/ ئۆکتۆبەری 2026

ڕۆژی 25ی تشرینی یەکەمی 2026 هەڵبژاردنی پەرلەمانی سربستان بەڕێوەچوو، بەڵام ڕۆژی یەکی تشرینی دووەم هەڵبژاردن بۆ 53 بنکەی دەنگدان ئەنجامدرایەوە و ئەنجامەکانی کۆتاییش لە 5ی تشرینی دووەمی 2026دا ڕاگەیەندرا.

پارت و لیستەکان	# دەنگەکان	٪	# کورسی
لیستی خوێندکاران- خوێندکارانی سەردەکەون	2,354,417	%53.01	140
ئەلەکسەندەر ڤۆچیچ – سربیای یەکگرتوو	1,731,323	%38.98	103
فیدراسیۆنی مەجەرییەکانی ڤۆیڤۆدینا	35,461	%0.80	2
هاوپەیمانیی ئەلبانییەکان	27,683	%0.62	2
راسم لیایچ- مرۆڤایەتی	20,638	%0.46	1
سانجاق – پارێزەرانی سانجاق SDA	12,596	%0.28	1
بزاڤی ئوسامە زۆکورلیچ- یەکێتی	12,440	%0.28	1
(11) لیستی دیکە، کە کورسییان نەبردۆتەوە	190,507	%4.29	0
کۆی گشتی	4,385,065	%98.72	250



سەرچاوەکان

ئەمانەی خوارەوە سەرچاوە سەرەکییە فەرمییەکان و ئاماژەکانن کە بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیاری یاسایی و هەڵبژاردن بەکاردەهێنرێن:

1- کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کۆماری سربستان (RIK): ماڵپەڕی فەرمی و داتای هەڵبژاردنەکان.

2- یاسای هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان ساڵی 2022.

3- هەموارکردنەوەی یاساکانی هەڵبژاردنغ ساڵی 2026: دوای ڕاگەیاندنی حکومەتی سربیا سەبارەت بە پەسەندکردنی پاکێجی یاساکانی هەڵبژاردن لە 20ی ئایاری 2026دا.

SERBIA PARLIAMENT ELECTION/ OCT 2026

THE STUDENT MOVEMENT LIST WINS AGAINST THE RULING PARTY

Aram Jamal
Head of Kurdish Institute for Elections -KIE

Sarbast Mustafa
Head of STEP organization for Democracy & Elections

